# ئامال ماهر: جوانی و درووژان

ئامال ماهر یەکێکە لەو کچە هونەرمەندانەی کە هەر لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستی بە گۆران گوتن کردووە، سەرەتا بە گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم دەستیپێکرد تا وایلێهات پێیان ناسرا و لە هەر ئاهەنگ و کۆنسێرت و بۆنەیەك گۆرانی گوتبا ئەوا ناوی ئوم کەلسوم دەهات بەوەی کە ئامال یەکێکە لەوانەی زۆر بە جوانی و سەرکەوتوویی گۆرانییەکانی دەڵێتەوە و ئێستاش هەر بە هەمان شێوەیە، جگە لەوە ئامال ئەلبوومێکی تایبەتی هەیە کە گشت گۆرانییەکانی هی ئوم کەلسومن و سەرکەوتنێك باش و بەرچاوی بەدەستهێنا لە میسر و وڵاتانی عەرەبی، هەروەها چەندین ئاهەنگ و کۆنسێرتی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ئەنجامداوە کە تەنیا گۆرانییەکانی ئوم کەلسومی تێدا گوتووە، بەمشێوەیە ئامال بەردەوام بوو لە دووبارە کردنەوەی گۆرانییە کۆنەکانی ئوم کەلسوم تا ساڵی ٢٠٠٦ ئینجا لە گۆرانی دووبارە و تەقلید دەرچوو و یەکەم گۆرانی تایبەتی خۆی پێشکەش کرد بەناوی ( فیها ایە) .

ئامال لەگەڵ ئاوازدانەری میسری محەمەد زیائەلدین ژیانی هاوسەری پێکهێنا، بەڵام پەیوەندییەکەیان زۆری نەخایاند و یەکەم ئەلبوومیشی لە کۆمپانیا (عالم الفن) بڵاوکرایەوە، لەرێگای یەکێك لە کارمەندانی کۆمپانیای رۆتانا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئامال ماهر کرد ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە .



# ـــدن تەنیا هۆکاری سەرنجڕاکێشان نییە

*** پاڵنەری سـەرەکیت کێ بوو بۆ ئەوەی روو لە بواری گۆرانی گوتن بکەیت؟**

- من هەر لە منداڵییەوە شەیدای دەنگی خانمە هونەرمەندی نەمر ئوم کەلسـوم بووم، دەنگیشـم خۆش بوو، بۆیە رووم لە گۆرانی گوتن کرد و هاندانی دەورووبەریش کاریگەری زیاتری هەبوو بۆ ئەوەی ئەو بوارە هەڵبژێرم و سوپاس بۆ خوا ئێستاش بەردەوامم.

*** لە میسـر هونەرمەنـدی زۆر گەورە پەیدابوون و ئێسـتاش هەن، پێت وایە کەسێك هەبێت بگاتە ئاستی ئوم کەلسوم و عەبدولحەلیم حافز و محەمەد عەبدولوەهاب؟**

- لێـرەدا دەبێ راسـتییەك بڵێین کە ئەو هونەرەی ئێستا پێشکەش دەکرێت جیاوازییەکی زۆری هەیـە لەگەڵ ئەوەی لە سـەردەمی ئەوان پێشـکەش دەکرا، بەڵام سەرەڕای ئەم جیاوازییـەش هێشـتا گۆرانییەکانی ئەوان جەماوەری تایبەتی خـۆی هەیە لە هەموو تەمەنـەکان، هەرچۆنێك بێت بـاوەڕ ناکەم یەکێکی وەکو ئوم کەلسـوم جارێکی دیکە لە میسر یان لە هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی.

*** بە گۆرانییەکانی ئوم کەلسـوم دەستت بـە کاری هونەری کرد، تا چەند کاریگەری بەسەر تۆوە هەبووە؟**

- ئـوم کەلسـوم و هونەرمەندانی دیکە کاریگەرییەکی زۆریان بەسـەر منەوە هەبووە بەتایبەتی ئوم کەلسـوم و ئـەم کاریگەرییە ئێسـتاش هەر ماوە، بەڵام من گۆرانییەکانیم بە هەستی تایبەتی خۆم پێشکەش کردووە، بە جۆرێك کـە هەندێك جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو شـێوەیەی ئـەو پێشـکەش دەکرد نەك تەقلیدێکی سەد دەر سەد وەك ئەو بێت.

*** چـی سـەرکەوتن و سـەرنەکەوتنی هونەرمەند دیاری دەکات ؟**

- زۆر شـت هەیـە پەیوەندییان بەوە هەیە هونەرمەند چـۆن سـەردەکەوێت یان چۆن سەرناکەوێت کە پێویسـتە هونەرمەند خۆی بیانزانێت، بەلای منەوە گرنگترین شت ئەوەیە بزانێت چۆن شـیعر و ئـاواز هەڵدەبژێرێت، چونکـە جەماوەر بە شـیعر و ئاوازی خۆش بەرهەمی هونەرمەند هەڵدەسـەنگێنن، بۆیە هەڵبژاردنی راسـتی ئەمانە کارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند.

*** بیرت لە کاری نواندن نەکردۆتەوە؟**

- خۆشەویسـتی مـن بـۆ هونـەر خۆشەویستییەکی بێ سنوورە، بۆیە هەر شتێك هونەری بێت من خۆشم دەوێت جا گۆرانی گوتن بێت یان ئەکتەری و نواندن هەر شـتێکی دیکە، پەنا بەخوا کاری نواندنیش ئەنجام دەدەم، بەڵام تا ئەو کاتەی دەرفەتم بۆ دەرەخسێ، چونکە کاری نواندن کارێکی ئاسان نییە و پێویستی خۆ ماندوو کردن و خۆ ئامادەکردنێکی زۆر هەیە.

*** ئایا ژیانی تایبەتی هونەرمەند چ کاریگەرییەکی بەسەر ژیانی هونەری هونەرمەندەوە هەیە؟**

- بێگومان هەردوولایەن کاریگەرییەکی زۆریان بەسـەر یەکترەوە هەیە و یەکیان ئەوی تر تەواو دەکات بەو مانایەی ئەگەر ژیانی تایبەتی و ئاسـایی هونەرمەند گونجاو نەبێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەکاری هونەری ئەوا هەرگیز ناتوانێت بەردەوام بێت، بەڵام هونەرمەند دەبێ لەگەڵ ئەو دوو لایەنەدا خۆی بگونجێنێت بۆ ئەوەی لە هەردوو لا سەرکەوتوو بێت.

*** ناوبانـگ دەرەکـردن کاریگـەری سـلبی یان ئیجابی هەیە لەسـەر ژیانی هونەرمەند؟**

- سـوپاس بۆ خوا تا ئێستا ناوبانگ و ناسـراوی لە لای خەڵك وای لێنەکردووم بگۆڕێم لە هیچ روویەکەوە، من تا ئێستاش هەر ئەو ئامالەم کە خەڵك دەمناسـێ و بە شێوەیەکی زۆر سەروشتی ژیانی خۆم بەسەر دەبەم و هیچ گرفتیشم لەگەڵ کەسدا نییە.

*** پەیوەنـدی تـۆ لەگـەڵ میدیاکان چۆنە؟**

- هیچ گرفتێکم لەگەڵ کەس نییە، بەڵام من زۆر حەز ناکەم دەرکەوم تەنیا لەو کاتانـە نەبێت کە شـتێکم هەبێت پێویست بە باس کردن بکات.

*** لە قسەی خەڵك و پروپاگەندە ناترسی؟**





**لەخۆبایی بوون دەبێتە هۆی مردنی تواناکانی هونەرمەند و بێبەش کردنی لە خۆشەویستی جەماوەر**

**دژی خۆ ڕووتکردنەوە و پێشکەشکردن و نمایشکردنی گۆرانی ئاست نزمم**

- پروپاگەندە کردن دەربارەی کەسێکی هونەرمەند کارێکی زۆر ئاساییە و دەبێ هەموو هونەرمەندێك بە سینگێکی فراوانەوە وەری بگرێ، بەڵام زۆر ترسان لە خەڵك و قسەی خەڵك کارێکی هەڵەیە، چونکە هەر کەسێك بۆ خۆی دەژیت و کەسی لە جیاتی کەس ناژی و بڕیاری دەربارەی نادات، بۆیە کەس هەست بە ناخۆشی و ئازارەکانی تۆ ناکات و نابێ کەسیش ڕێگا بە خۆی بدات باس لە ژیانی تایبەتی کەسی دیکە بکات.

*** زۆربەی هونەرمەندەکانی لوبنان بە شێوەزاری کەنداوی گۆرانی دەڵێن، بەڵام ئێوەی میسری کەمتر، ئایا هۆکاری چییە ئێوەش ڕوو لەوە ناکەن بە شێوەزاری کەنداوی گۆرانی بڵێن ؟**

- من پێم باشە ئێمە واز لە گۆرانی کەنداوی بهێنین بۆ خەڵك و هونەرمەندانی کەنداو، بەڵام من دژی تۆمارکردن یان گوتنەوەی گۆرانییەکی کەنداوی نیم ئەگەر پێویست بوو، چونکە ئێمەی هونەرمەندان جەماوەرێکی زۆرمان لە وڵاتانی کەنداو هەیە و مافی خۆیەتی بە شێوەزاری کەنداوی گۆرانییان بۆ بڵێین لە هەمان کاتدا وەك ڕێزلێنانێك دەبێت بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە.

*** وەك هونەرمەندێکی ئافرەت زیاتر لە چی دەترسی؟**

- من لەوە دەترسم سەروەت و سامان کاریگەری بکاتە سەر هونەرمەند و ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی وەك پێویست خزمەتی هونەرەکەی نەکات.

*** لە خۆبایی بوون و خۆ بە گەورە زانین چۆن کاریگەری دەبێت لەسەر هونەرمەند؟**

- من لەخۆبایی بیم، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆزێك شەرمنم خەڵك وا هەست دەکەم لەخۆباییم، چونکە لەخۆبایی بوون دەبێتە هۆی مردنی تواناکانی هونەرمەند و بێبەش کردنی لە خۆشەویستی جەماوەر کە تاکە سەرمایەی هونەرمەندە.

*** هونەرمەندی ئاسایی چۆن دەتوانێت شوێنی خۆی لە گۆڕەپانی هونەریدا بکاتەوە؟**

- هەر هونەرمەندێك ڕێز لە خۆی و لە هونەرەکەی بگرێت دەتوانێت ناوبانگی زیاتر دەربکات و دەرفەتی ئەوە ناهێڵێت کەسانێك بێن ئەو هونەرە ڕەسەنەی پێشکەشی دەکات بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو هونەرە ئاست نزمەی ئێستا باوە و دڵنیاشم جەماوەر توانای جیاکردنەوەی کاری باش و خراپی هەیە.

*** هونەرمەندان چۆن دەتوانن بەردەوام بن لە کاری هونەری لەو بارودۆخەی ئێستا کە ژمارەی ئەوانەی گۆرانی دەڵێن زۆرە و ڕۆژ دوای ڕۆژیش لە زیادبووندایە ؟**

- بێگومان هونەرمەند لە هەر سەردەمێك بێت پێویستی بە هاوکاری ویارمەتی جۆراوجۆری ماددی و مەعنەوی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت و داهێنان بکات لە کارەکەیدا، ئەگەر کەسێش یارمەتی نەدات یان پاڵپشتی نەکات ئەوا پێویستی بە خۆماندوو کردنێکی زۆر زیاد لە پێویست هەیە لە هەموو لایەکەوە پێویستە هەنگاوەکانی زۆر بە وریاییەوە بهاوێت، هەروەها پێویستە لەبواری میدیاوە زۆر دەرکەوێ، بەڵام دەبێ کارێکی وا پێشکەش بکات کە لە بەرامبەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە شانازی پێوە بکات و وا بکات کە میدیاکان خۆیان گرنگی پێ بدەن و ئەگەر بۆ کاتێك خۆیشی ون بێت کارەکەی هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە لە لای جەماوەرە.



*** ئێستا لە میسر و لوبنان و چەند وڵاتێکی دیکە جۆرە هونەرێك پەیدابووە کە دەتوانین بە هونەری جەستەی ناوبنێین نەك هونەری گۆرانی؟**

- ڕاستییەك هەیە دەبێ بیزانین ئەویش ئەوەیە کە ئێستا هونەری گۆرانی گوتن لەبەر بڵاوبوونەوەی کلیپەکان زۆر بە خێرایی بووەتە هونەری دەنگ و ڕەنگ، بەڵام من بە هەموو شێوەیەك دژی خۆ ڕووتکردنەوە و پێشکەشکردن و نمایشکردنی گۆرانی ئاست نزمم جا لە هەر شوێنێك بێت، بەڕای من هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە هونەرە زۆربوونی کەناڵە ئاسمانییەکانە ئەوانەی تایبەتن بە گۆرانی و مۆسیقا، چونکە هەر شتێك هەبێت پێشکەشی دەکەن تەنی بۆ ئەوەی کاتەکانی خۆیان پێ پڕ بکەنەوە بێ ئەوەی گوێ بە باشی و خراپی بەرهەمەکە یان ناوی ئەو کەسە بدەن کە گۆرانییەکە دەڵێت، بێگومان ئەو کاتیش شتی باش و خراپ بە ئاسانی جیا ناکرێتەوە بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

*** ئایا جورئەت پێویستە بۆ ئافرەت لە کلیپدا؟**

- گۆرانی گوتنی ئافرەت خۆی لە خۆیدا جۆرە جورئەتێکە، بەڵام من دژی ئەوانەم کە پێیان وایە ورووژاندن و زیاد لە پێویست نمایش کردنی جەستە و جوانییەکانی ئافرەت بە جورئەت دەزانن، چونکە ئەمە جورئەت نییە، من دژی ئەو جورئەتەم و نامەوێ کەسایەتییەك بۆ خۆم دروست بکەم کە هاوشێوەی من نەبێت و دوور بێت لە کەسایەتی و شێوازی ژیانی من، دەبێ هونەرمەندی ئافرەت شتێك پێشکەش بکات کە جەماوەر پێشوازی و دەستخۆشی لێ بکەن نەك ژمارەیەکی کەم پێیان کارێکی باش بێت و زۆریش لێی ڕازی نەبن، من دەڵێم مەرج نییە ئافرەت تەنیا بە جوانی و ورووژاندن سەرنجی جەماوەر ڕابکێشێت.

*** هەندێك هونەرمەند هەن تەنیا تەقلیدی هەندێك هونەرمەندی دیکەی پێش خۆیان دەکەنەوە بەتایبەت هونەرمەندە ناودار و نەمرەکان، ڕات چییە بەرامبەر بەم دیاردەیە؟**



- ئاساییە بۆ كاتێكی دیاریكراو یان لە ئاهەنگ و بۆنەكاندا تەقلیدی هونەرمەندێكی دیاریكراو بكرێت جا لە ژیان مابێت یان نا، بەڵام نابێ تا هەتایەش تەنیا گۆرانی دووبارە و تەقلید پێكشەش بكرێت بەجۆرێك جەماوەر وابزانێت كە ئەو كەسە هیچ شتێكی نوێ و خۆی نییە، بەڵكو تەنیا خەریكی دووبارە گوتنەوە گۆرانییەكانی هونەرمەندانی پێش خۆیەتی.

*** ئایا هیچ زانیارییەكت هەیە دەربارەی هونەری كوردی؟**

- نەخێر تەنیا ئەوە نەبێت كە كوردیش گەلێكن لە عێراق دەژین، بەڵام لە رووی هونەرییەوە هیچ زانیارییەكی ئەوتۆم نییە دەربارەی هونەر و مۆسیقای گەلی كورد ئەمەش رەنگە لەبەر ئەوە بێت كە تا ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخساوە.

*** پێش بڵاوكردنەوەی بەرهەمێك یان گۆرانییەكی نوێ راوێژ بە كێ دەكەی؟**

- ئەگەر قەناعەتم بە گۆرانییەك هەبێت لەرووی ئاواز و شیعرەوە و بزانم سەردەكەوێ ئەوا كاری بۆ دەكەم هەروەها هەندێك هاوڕێی هونەرمەندیش هەیە راوێژیان پێدەكەم و زۆر جار ئەوان هەندێك گۆرانیم بۆ دادەنێن منیش ئەگەر بزانم تێیدا سەركەوتوو دەبم ئەوا پێشكەشی دەكەم.

*** رۆژانە كاتی خۆت چۆن دابەشكردووە؟**

- هەوڵ دەدەم رۆژانە لە كاتێكی دیاریكراودا چەند مەشقێكی وەرزشی ئەنجام بدەم بۆ پاراستنی كێشی خۆم ورێگا گرتن لە قەڵەوی، هەروەها گرنگی بە كارەكانی ماڵەوەش دەدەم.

# مایكل جاكسۆن
# ئەفسانەیەك ون دەبێت



شەوی سێشەممەی رابردووە لە مەراسیمێكی بە خاك سپاردنی مێژوویی و بێ وێنەدا گۆرانیبێژ و شای پۆپی جیهانی مایكڵ جاكسۆن بە خاك سپێردرا.

مەراسیمەكە لە یاریگای وەرزشی ستایلس سێنتەر لە ناوەڕاستی لۆس ئەنجلۆس بەڕێوەچوو كە چەند رۆژێك بەر لە مردنی مایكڵ جاكسۆن لەوێ پرۆڤەكانی ئەنجام دەدا وەك خۆ ئامادەكردن بۆ زنجیرە ئاهەنگێك لە سەرتاسەری جیهان، بەر لە ئەنجامدانی رێورەسمی ناشتنەكە ١٧٥٠٠ پلیت لە رێگای ماڵپەری ستابلس دۆت كۆم خرانە روو بۆ ئامادەبوون لەو رێورەسمە، بەڵام دوای تەنیا دوو كاتژمێر ماڵپەرەكە لەكار وەستا، چونكە نزیكەی ٥٠٠ هەزار كەس سەردانیان كرد بۆ كڕینی پلیتەكان، لە لایەكی دیكەوە بە سەدان ملیۆن كەس لە سەرتاسەری جیهان بەشێوەیەكی راستەوخۆ مەراسیمەكیان بینی و چەندین ئەستێرەی جیهانی بەشدارییان تێدا كرد لەوانە ماریا كاری، كوین لەتیفە، جنیفەر هادسۆن، لیۆنیل ریچی، و ستیڤی ووندەر، برۆك شیلدز.




مەراسیمەكە بە دوو نامەی سەركردەی باشووری ئەفریقیا نیلسۆن ماندێلا و گۆرانیبێژ دیانا رۆس دەستی پێكرد كە لە لایەن گۆرانیبێژ سمۆكی رۆبنسۆن خوێندرانەوە، ماندێلا هاوخەمی خۆی بۆ خانەوادەی جاكسۆن دەربڕی و گوتی (مایكل هونەرمەندێكە گەورە و ئەفسانەیەكی جیهانی بوو، منیش وەك ملیۆنەها كەس لە سەرتاسەری جیهانی لە كاتی بیستنی هەواڵەكە گریام) دیانا رۆسیش لە نامەكەیدا گوتی: دەمەوێ بزانی ئامادە نەبوونم لە ستایلس سێنتەر ئەوە ناگەیەنێ كە من لە دڵدا نیم، هەروەها دیانا گوتی: مایكڵ بەشێكی ئازیزی جیهانی من بوو، بەشێك بوو لە ژیانم.



ژمارەیەك هونەرمەندی ئامادەبووش چەند گۆرانییەك نوێ و كۆن و شیعر و سروودی ئاینیان خوێندەوە، لەوانە ماریا كاری و كوین لەتیفە كە شیعرێكی شاعیر و نووسەری رەش پێستی ئەمریكی مایا ئەنجیلۆی خوێندەوە و گۆسپل لیۆنیل ریچی و ستیڤی ووندەر، هەروەها برۆك شیلدزیش كە یەكێك بوو لە هاوڕێ نزیكەكان مایكڵ وتەیەكی پێشكەش كرد و تێیدا باسی چەند لایەنێكی ژیانی مایكڵ كرد.

لە كۆتاییشدا پاریسی كچی مایكڵ جاكسۆن وتەیەكی كاریگەری پێشكەش كرد و تێیدا بە گریانەوە گوتی: باشترین باوك بوو تەنیا دەمەوێ پێی بڵێم خۆشمدەوێ.


ئەندامانی خێزانی جاكسۆن لە ریزی پێشەوە دانیشتبوون و هەریەكیان دەستەوانەیەكی سپی بریقەداریان لە دەست كردبوو لەشێوەی دەستەوانەكەی مایكڵ و بەپێی چەند دەزگایەكی راگەیاندنی ئەمریكی خەرجی مەراسیمەكە بە گشتی گەیشتە نزیكەی٢,٥ دوو ملیۆن و نیو دۆلار كە خانەوادەی جاكسۆن و كۆمپانیای ( ئای ئی جی) لە ئەستۆی دەگرن و تەنیا ئەو تابوتە ئاوزێڕەی كە لاشەی مایكڵ تێدا بوو گەیشتە ٢٥ هەزار دۆلار و بە سەدان تۆڕی تەلەفزیۆنی جیهانی و ماڵپەڕەكانی ئەنتەرنێت مەراسیمەكەیان بەشێوەیەكی راستەوخۆ گواستەوە و زۆربەیان بەرنامەكانی ئەو شەوی خۆیان راگرت بۆ گواستنەوەی مەراسیمەكە.

# بەرنامەی لیستی کوردستانی دەتوانێت هونەری کوردی بگەیەنێتە ئاستی هونەری جیهانی


**لیستی کوردستانی لیستی نوێ بوونەوە و ئاوەدانی و ئەو لیستەی کە خاوەنی خەباتی رۆژە سەختەکانی کوردایەتی بووە، توانیویەتی خزمەتێکی بەچاو بە بزافی کودایەتی گەلی کوردستان بکات، ناشکرێت رۆلی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەیاد بکەین بەتایبەتی لێهاتوویی و توانایی سەرۆك مسعود بارزانی لە پرۆسەی سیاسی عیراق و ناوچەکەدا، سەرۆك کە هەمیشە بە کەسیکی کارامەو بوێرو خاوەن تەجروبە ناوبراوە، هەردوو لایەنی لیستی کوردستانی لە چەند سالی رابردوودا ئەوەی لە توانایاندا هەبێت لە خزمەتکردن و پشتیوانی پێشکەش بە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کردووە و ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەن هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵگای کوردەواری نەبووە کە سوودمەند نەبوویێت لەو خزمەتگوزارییانە لەوانەش چینی هونەرمەندان، لە بەرنامەی لیستی کوردستانیدا هونەرمەندان هەروەك چۆن پێشتر وابوون ئێستاش گرنگییەکی زۆریان پێدراوە بۆ ئەوەی هونەری کوردی لە گشت لقە جۆراوجۆرەکانیدا بگاتە ئاستی هونەری جیهانی، بۆیە هونەرمەندان و رۆشنبیران پەیمانی بۆ دووپات دەکەنەوە و دەنگی بە حەقی بۆ دەدەن لەو روانگەیەشەوە دەنگ بۆ لیستی کوردستانی دەدەن لە لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانە.**



قادر مستەفا



نزار سەلامی



شیلان عوسمان

راپۆرتی سۆران مارف کەریم
SORANMARIF@HOTMAIL.COM

## کاك مسعود بارزانی ڕووگەیە

**لەسەرەتادا گەڕیدەو جوگرافی ناس (کەریم زەند) گوتی:**

لەم ڕۆژگارەی کە ئێستا وڵات و میللەتەکەمانی پێدا تێپەڕ دەبێت کە بارودۆخێکی زۆر ناسك و هەستیارە، دوژمنان لە هەموو لایەکەوە چاویان بڕیوەتە کوردستان و لە کەمترین دەرفەت دەگەڕێن کە بە هەر شێوەیەك بێت زیان بەم ئەزموونە بگەیەنن، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی گشت زام و دەرد و نەهامەتییەکانی ئەم میللەتە پێویستمان بە سەرکردەیەکە کە بە ئەمانەتەوە لە ئاست هەڵگرتنی ئەم بەرپرسیارییەتە گەورەیە بێت، ئەم سەرکردەیەش کە پێشەوا بێت و مێژوو بڕیاری لە سەر دابێت و خاوەنی ڕابردوویەکی پاك و پڕشانازی و سەروەری بێت تەنها کاك مسعود بارزانییە، ناوی **بارزان و ناوی کوردستان تەواوکەری یەکترین هەر لە مێژەوە و بارزانی نەمرو شۆڕشەکانی کورد لە بارزان بەیەکتری بە ستووەتەوە** هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ئەمڕۆ بەرەوە هەڵبژاردن دەچین، پارتی و یەکێتی کە ئەمڕۆ دەستیان لە نێو دەستی یەك ناوە ئەمە جێگای شانازی هەموو کوردێکە و مایەی سەروەرییە بۆمیللەتی کورد هەر لەو ڕوانگەیەشەوە دەنگی خۆم و دەنگی خێزانەکەم و لە هەستی میللەتەکەمەوە دەدوێم دەنگ دەدەم بە سەرۆك مسعود بارزانی، چونکە ئەو سەرچاوەی ئاوی شیرینەو خەڵك لێی کۆ دەبنەوە کاك مسعود بارزانی ڕوگەیەو دەبێت هەموومان دەنگی بۆ بدەین، من لە ساڵی (١٩٤١) وە پەیوەندیم بەو بنەماڵەیەوە هەیە لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزانی وەو ئەو بنەماڵەیەوە خاوەنی مێژوییەکی پڕ سەروەرییە، بۆیە شۆڕشەکانی کوردیش هەمووی ناوی بارزانی پێوەیە و کورد لە سایەی بارزانی نەمرەوە بە هەموو جیهان ناسراوە، ئێستاش کوڕی ئەو شێرە لە جێی بارزانی نەمرەو خزمەتی گەلەکەی دەکات و لەسەر دەستی ئەم سەرکردە نەمرەیە لە ژێر ئاڵای کوردستان لە دایك بووە وپەروەردە بووە و بەڵێنی داوە ئەو ئاڵایە بە گیان بپارێزی بە هەموو جۆش و خرۆشەوە دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ لیستی کوردستانی ژمارە (٥٤) و ژمارە (١٢) ی سەرۆك بارزانی سەرکردەی هەمیشەیی هەموو کوردستانی گەورە، کاك مسعود شایستەی ئەوەیە هەڵبژێرێت بۆ کەم کردنەوەی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد لەم ڕۆژەدا.

## لیستی کوردستانی دەتوانێت تەواوی خەونەکانمان بەدی بهێنێت

**هونەرمەندی بەناوبانگ و خاوەن ئەزموون مەکی عەبدوڵڵا دەربارەی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی کوردستان گوتی:**

من دەنگ بە لیستی کوردستان دەدەم و دەنگم بۆ سەرۆك مسعود بارزانییەو لەبەر ئەوەی من خاوەن خەباتم لە شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە خزمەتی ئەو ڕێبازە دەکەم، ئەو ڕێبازەش توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاو بەگەلی کوردستان بگەیەنێت چەندین شەهیدی لەپێناوی سەرفرازی گەلەکەیدا بەخشیوە لیستی کوردستانی تاکە لیستێکە دەتوانێت تەواوی خەونەکانمان بەدی بهێنێت وەکو چینی هونەرمەندان کە چینێکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردەوارین، هەر بۆیەش دەڵێم دەنگم بۆلیستی کوردستانییە .

## دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ هەموو ئەو کەسانەی دەنگیان بۆ ژمارە (١٢) ی سەرۆک بارزانییە

**هونەرمەند تەها خەلیل کە گشت خەڵکی کوردستان پێی ئاشنایە لە ڕێگای ئەو ڕۆڵانەی پێشکەشی کردوون لە گشت بوارەکانی هونەری نواندا دەربارەی هەڵبژاردن گوتی:**

من دەنگ بە لیستی کوردستانی دەدەم دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ هەموو ئەو کەسانەی دەنگیان بۆ ژمارە (١٢) ی سەرۆك بارزانییە و داوام وایە هەموو کورد دەنگیان بۆ لیستی کوردستانی و سەرۆك بارزانی دووپات بکەنەوە، چونکە ئایندەی گەشی گەلەکەمان لە دەست ئەوانە و هەر ئەوانن دەتوانن خەونەکانی گەلەکەمان بهێننە دی.

داواکارم کە خەڵك ووشیار بێت و بە هۆشمەندی بیر بکەنەوە کە دەنگ بۆ کی دەدەن.

**هەنەرمەندی شانۆکار قادر مستەفا کە یەکێکە لە هونەرمەندە ناسراوەکانی بواری شانۆی کوردی و تا ئێستا بەشداری لە چەندین کاری شانۆیی و درامای تەلەفزیۆنیدا**

**کردووە دەربارەی هەڵبژاردنەکانی و ئەرکی نیشتیمانی سەر شانی هاووڵاتیان بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

هەڵبژاردن یەکێکە لە پرۆسە نوێ و سەردەمییەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگایەك بۆ ئێمەی کوردیش گرنگییەکی زیاتری هەیە بۆ ئەوەی بۆ جیهانی بسەلمێنین کە ئێمەش خولیای دیموکراتین، من دڵنیام لەوەی لیستی کوردستانی یەکێکە لە لیستە پێشەنگەکان کە خەم خۆرو دابین کەرە بۆ باشترین ئایندە بۆ گەلی کورد دیارە ئەو لیستەش لە ئەنجامی خەباتی دوورو درێژی میللەتی کورد توانی بێتە کایەوە و بیسەلمێنی بەڕاستی خەم خۆرە بۆ ئایندەی میللەتی کورد بە ڕاستی خەبات دەکات ئاواتەکانی میللەتی کورد بێنێتە دی بۆیە بە هەموو بڕوای خۆمەوە دەنگ بۆ ئەو لیستە دەدەم و حەز دەکەم خەڵکیش وەکو من دەنگ بۆ ئەو لیستە بدەن، داواکارم کە خەڵك ووشیار بێت و بە هۆشمەندی بیر بکەنەوە کە دەنگ بۆ کێ دەدەن، چونکە ئێستا دەبێت ئەوە بزانین کەوا کێ خەمخۆرە و کێ دەتوانی مافی نەتەوەکەت بۆ دابین بکات بۆیە لەو ڕوانگەیەوە دەنگ بۆ سەرۆك بارزانی و لیستی کوردستانی دەدەم.

## ئەم لیستە توانیویەتی خزمەتی میللەتەکەی خۆی بکات

**هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و بە توانا عەباس ژاژڵەیی ئەویش بەم شێوەیە را و سەرنجی خۆی دەربارەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ دەربڕی و گوتی:**

من وەکو هونەرمەندێك دەنگ دەدەم بە لیستی کوردستانی، چونکە ئەم لیستە توانیویەتی خزمەتی میللەتەکەی خۆی بکات، کاتێك ڕژێمی بەعس کوردستانی داگیر کرد وێران و خاپووری کرد، بەڵام حکومەتی هەرێم هات کوردستانی ئاوەدان کردەوە بۆیە منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگانەی کە دەنگیان بۆ سەرۆك بارزانییە کە ژمارە (١٢) یە، دیارە سەرۆك بارزانی شیاوی ئەوەیە نەك لە کوردستانی باشوور بەڵکو بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی دەست نیشان بکرێت، ئەو توانیویەتی ئازایانە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد بکات، چونکە تەجروبەیەکی چەند ساڵەی هەیە کوڕی سەرکردەو قارەمانێکی نەمر و خاوەن مێژوویەکی بێگەردە، بۆیە داواش لە جەماوەر دەکەم دەنگ بە لیستی کوردستانی و سەرۆك مسعود بارزانی بدەن، چونکە ئەوان دەتوانن وڵاتەکەمان زیاتر ئاوەدان بکەنەوە و بە بێ ئەوان ناتوانین بگەینە ئاوات و ئامانجەکانمان.

## سەرۆک بارزانی لە ڕۆژانی سەختی خەباتدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە

**هونەرمەندی لاو و بە توانا نزار سەلامی بەم شێوەیە ڕای خۆی دەربڕی و گوتی:**

ئەو ئازادی و کەشوهەوا دیموکراتییەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە وای کردووە کە هەموو کەسێك زۆر بە ئازادانە دەنگی خۆت بدات، من وەکو نزار سەلامی دەنگ دەدەم بە لیستی کوردستانی، چونکە ئەوان هەر لە زەمانی شاخەوە تا ئەمڕۆ توانیویانە پێشڕەوی ئەم میللەتە بکەن ئەمڕۆش کوردستان لە سایەی ئەو لیستەوە توانیویەتی گەشەسەندنێکی بەرچاو بە خۆوە ببینێ لە ڕووی دیموکراتیەت و ئازادی و خۆش گوزەرانییەوە لە سایەی خوێنی شەهیدان و سەرکردەکانمانەوە ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی من بە پەڕی قەناعەتی خۆمەوە دەنگ بدەم بە لیستی کوردستانی یەکێتی و پارتی، من ڕێزو خۆشەویستیم هەیە بۆ هەموو لایەن و لیستەکانی تر ئەوانیش وەك لیستی کوردستانی کوردن، بەڵام من پێم وایە لیستی کوردستانی لەم پرۆسە سیاسیەی کوردستاندا سەرکەوتووترە، بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش دەنگم بۆ سەرۆك بارزانییە لەبەر ئەوەی ئەو لە ڕۆژانی سەختی خەباتدا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە ئەمڕۆش لەسەر ئاستی عێراق ناوچەکە بەڕێزیان ڕۆڵی گرنگ و ئیجابیان هەیە، بنەماڵەکەی پێشڕەوی کوردیان کردووە هەروەها سەرۆك تاڵەبانیش ڕۆڵی گرنگی هەبووە و هەیە لەسەر ئاستی عێراقی و نێودەوڵەتیش بۆیە قابیلییەتی ئەوەیان هەیە کە دەنگیان بۆ بدەین، چونکە ئەوان دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن لە ئاوەدانی و خۆش گوزەرانی خەڵکدا من دڵنیام ئەوانەی ئەم ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و ڕێزگرتنی حکومەت ببینێت بێگومان دەنگیان بۆ لیستی کوردستانییە من داوا لە کوردستانیان دەکەم دەنگ بدەن بە لیستی کوردستانی، چونکە هەر ئەوان دەتوانن شتەکان زۆر جوانتر بکەن و خزمەت گوزاری زیاتر بە خەڵکی بگەیەنن.

## دەنگم بۆ لیستی ژمارە (١٢) کاک مسعود بارزانییە

**هونەرمەند ( شیلان عوسمان ) بەم شێوەیە دەنگی خۆی خستە پاڵ لیستی کوردستان و گوتی:**

من هیوای سەرکەوتنی زیاتر لە لیستی کوردستانی دەخوازم لە بەر ئەوەی دڵنیام بە سەرکەوتنی ئەو لیستە دەتوانین هەوڵ بدەین زیاتر خزمەتی بواری هونەر لە کوردستاندا بکەین و بیگەیەنین بە ئاستی هونەری جیهانی و دەنگم بۆلیستی ژمارە (١٢) کاک مسعود بارزانییە لە بەر ئەوە ی هەوڵ بدات زیاتر داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد بکات هیوای سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ دەخوازم.

## کاک مسعود بارزانی توانیویەتی لە ڕابردوو ڕۆڵێکی ئیجابی هەبێت لە پرۆسەی سیاسی عیراق

**هونەرمەند ڕەزا چاو ڕەش بەم شێوەیە پشتگیری خۆی بۆلیستی کوردستانی و سەرۆك بارزانی دەربڕی و گوتی:**

من دەنگ دەدەم بە لیستی کوردستانی ژمارە (٥٤) و بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش دەنگ دەدەم بە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ژمارە (١٢) لە بەرئەوەی ئەوان توانیویانە لە ڕابردوودا خزمەتێکی بەرچاو بە میللەتی کورد بگەیەنێت، من بە بەرچاو ڕوونییەوە دڵێم جەنابی کاك مسعود بارزانی توانیویەتی لە ڕابردوو ڕۆڵێکی ئیجابی هەبێت لە پرۆسەی سیاسی عیراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و هەموو لایەك ئەو ڕاستییە باش دەزانن ئەمەش نکوڵی لێ ناکرێت سەرکردەیەکی بوێرو لێهاتووە بۆ خزمەت کردنی گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی خزمەتێکی بەر چاو بە هاوڵاتیانی کوردستان بگەیەنێت

پاشان هونەرمەند فەرەیدون وەلی بەم شێوەیە ڕای خۆی دەربڕی و گوتی دیارە دەبێت خەڵکی ئەوەی لە بەرچاو بێت کەوا حوکمەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی خزمەتێکی بەر چاو بە هاوڵاتیانی کوردستان بگەیەنێت وە من پێم وایە لە لیستی کوردستانی لیستێکی ترمان نیە خزمەتی گەلەکەمان بکات و شیاوترین لیست لیستی کوردستانییە کە پێویستە هەموومان دەنگی پێبدەین، خاڵێکی تر کە گرنگە کاری لەسەر بکەین و گرنگی پێبدەین ئەوەیە کەپێویستە دەنگ بۆ بەڕێز کاك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدەین، چونکە ئەو توانیویەتی ڕۆڵێکی شیاو لە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان و عێراقدا ببینێت بۆیە من دەنگم بۆ بەڕێز مسعود بارزانییە وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان .



تەها خەلیل



مەکی عەبدوڵڵا



کەریم زەند